## هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن

### ڕێنمایی ئەو منداڵ و قوتابیانەی مافی گەڕانەوەیان هەیە بۆ خوێندن

1. هەر منداڵێك نەچووەتە قوتابخانە بە هەر هۆكارێك و تەمەنی لە نێوان (٦) شەش ساڵ بۆ (٩) نۆ ساڵ واتا نەگەیەشتبێتە (١٠) دە ساڵ، مافی هەیە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تۆمار بکرێت ، لە خوێندنی ڕۆژ.
2. ئەگەر تەمەنی منداڵ (10) ساڵ تاوەکو (22) ساڵ بێت ، تا ئێستا پەیوەندی بە قوتابخانە نەکردبێت مافی هەیە لە خوێندنی خێرا وەربگیرێت ، بە پێی ڕێنمایی ئەزموونەکان بەردەوام بێت لە خوێندن ، ئەگەر منداڵ چەند پۆلێکی لە قۆناغی بنەڕەتی تێپەڕاندبێت بۆ نموونە؛ ( تا پۆلی سێیەمی بنەڕەتی خوێندووە و زیاتر لە دوو ساڵ وازی لە خوێندن هێنا بێت) مافی هەیە لە خوێندنی خێرا درێژە بە خوێندن بدات یان لە هەمان پۆل دابنرێتەوە .
3. قوتابی قۆناغی بنەرەتی بەردەوام دەبن لە خوێندنی ڕۆژ (ئاسایی) تا تەمەنی دەگاتە ١٦ ساڵ ئەگەر هەر چەند ساڵ کەوتبێ ، وە ئەگەر تەمەنی سەرووی ١٦ ساڵ بێت و دوو ساڵ تێپەڕی بێت بەسەر وازهێنانەکەی ئەوا مافی هەیە لە خوێندنی ئێواران یان خوێندنی خێرا بەردەوام بێت ، بە مەرجی ئەوەی لە خوێندنی ئێواران لە قۆناغی بنەڕەتی نابێت تەمەنی لە 45 ساڵ زیاتربێت و لە قۆناغی ئامادەیی نابێت لە 50 ساڵ زیاتربێت.
4. هەرکەسێک لەهەرتەمەنێک بێت کە تاکو ئێستا لە هیچ یەکێک لە قۆناغەکانی خوێندن بەردەوام نەبووبێت ئەوا پێویستە بە ڕێگای پەروەردەی گشتییەوە دەستنیشانکردنی ئاستی بۆ بکرێت و بە پێ تەمەن لە خوێندن بەردەوامبێت لە بازنەی یەکەم و بە پێی ڕێنمایی ئەزموونەکان.
5. ئەگەر تەمەنی قوتابی (٢٤) ساڵ بۆ کچ و (٢٢) ساڵ بۆ کوڕ بێت و هیچ پەیوەندی بە قوتابخانە نەکردبێت دەتوانێت لە ڕێگای خوێندنی دەرەکی ناویان تۆمار بکرێت و بە قوتابی دەرەکی قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات.
6. سەبارەت بە قۆناغی ئامادەیی: هەر قوتابییەك لەهەر پۆلێك وازی هێنابێت بەمەرجێك دوو ساڵ لەسەر یەك بە کەوتوو هەژمار نەکرابێت مافی هەیە بگەڕێتەوە قوتابخانەکانی خوێندنی ڕۆژ بەمەرجی تەمەن ڕێگرنەبێت. وە ئەگەر هاتوو دوو ساڵ بەسەر وازهێنانەکەی بەسەرچووبێت دەتوانێت بەردەوامی بە خوێندن بدات لە دەوامی خوێندنی ئێواران.
7. ئەگەر قوتابی تەمەنی نەگونجا بۆ قۆناغی ئامادەیی دەتوانێت درێژە بە خوێندنی بدات بە شێوەی دەرەکی.
8. ئەگەر هاتوو لەماوەی هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن کە ماوەکەی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژە قوتابییەك بۆ ماوەی (٢٠) بیست ڕۆژ پەیوەندی نەکردبوو بە قوتابخانە ئەوا دەچێتەوە هەمان پۆل.
9. لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن قوتابی مافی گەڕانەوەی خوێندنی نامێنێت بۆ ئەم ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤).